## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٩٦) لە ٢٠٢٣/٢/١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو و، پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠١) لە ١ی شوباتی ٢٠٢٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (دارایی و ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی، کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان) و فەرمانگەی هەماهەنگیی و بەدواداچوون و بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ گەڵاڵەکردنی سەرجەم سەرنج و تێبینی و ڕاسپاردەکان سەبارەت بە بابەتی دامەزراندنی بازاڕی کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکدا کە چوارچێوەی یاسایی و دارایی و ئابووری و کارگێڕیی بابەتەکە لەخۆ بگرێت، سەرەڕای خستنەڕووی ئاستەنگ و دەرفەتەکان.

٢. ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ گەڵاڵەکردنی ڕاپۆرتی ئاماژەپێدراو لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (١)ی سەرەوە تاوەکو بخرێتەڕوو لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**